پارێزگاری هەولێر: فەرمانگە خزمەتگوزارییەکان لە ئامادەباشیدان

پارێزگاری هەولێر هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان و فەرمانگە خزمەتگوزارییەکانی راسپار بە هەر ئەگەرێکی نەخوازراو و چاوەڕوانکراو لە ئامادەباشیدان.

بە سەرپەرشتی ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر کۆبوونەوەیەکی تایبەت لەگەڵ قائیمقام و بەرپرسانی فەرمانگە خزمەتگوزارییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەنجامدرا، سەبارەت بە ڕەوشی کەشوهەوا و پێشبینیەکانی کەشناسی بە ئەو ڕژە بارانبارینەی کە چاوەڕوان دەکرێت لە چەند ڕۆژی داهاتوو لە سنووری پارێزگای هەولێر ببارێت.

لە کۆبوونەوەکەدا، دوای هەڵسانگدن بە ڕەوشەکە، پارێزگاری هەولێر ئاماژەی بۆدا کە بەهۆی ئەو هەوە و کار و پرۆژانەی کە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا و بەر لەوەرزی بارانبارینی ئەمساڵ لەپێناوی ڕوونەدانی لافاو و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی لە سنووری پارێزگاکەمان ئەنجامدراوە، تواندراوە لە شاری هەولێر مەترسیەکانی لافاو کەمبکرێتەوە.

سەبارەت بەو ڕژە بارانبارینەش کە چاوەڕوان دەکرێت لە چەند ڕۆژی داهاتوو لە سنووری پارێزگای

هەوڵەر ببارێت، دوای پشکشکردنی راپۆرتی کەشناسی لەلایەن بەڕێوەبەری گشتیی کەشناسی و پشبینییەکانیان بە ڕووشی کەشوهەوای چەند ڕۆژی داهاتوو، کەبوونەوە گەیشتە ئەو بڕیارانەی لای خوارەوە:-

یەکەم/ سەرجەم قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیییەکان، هەریەک لە سنووری خۆی ژوورەکی عەملیات پکدەهێنێت و لە ئامادەباشی تەواودابن بە هوودانی هەر ئەگەرێکی نەخوازراو و چارەسەرکردنی ئەو گرفت و کێشانەی کە دەبنە هەکار و مەترسی دروستبوونی لافاو.

دووەم/ بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاوەڕۆ و ئاودێری، بەردەوام دەبن لە پاککردنەوەی ڕێرەکانی (ئاوی سروشتی باران، ئاوی قورس، کەند و سەرجەم چاڵەکانی ئاو وەرگرتن، مەنهەلەکان، ئاوەڕۆکان).

سێیەم/ سەرکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شارەوانییەکان، لەگەڵ سەرجەم تیمەکانیان لە ئامادەباشی و هەماهەنگی یەکتردابن بە هەر ئەگەر و پێشهات و هووداوێکی چاوەڕوان نەکراو.

چوارەم/ تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی ڕێگا و بانی هەولێر، وەک پێشوتر لەسەر ڕێگا گشتیی و سەرکیەکانی دەرەوەی شار دابشدەکرێن و بەردەوام دەبن لە پاراستن و چاککردنەوە و ڕەکخستنەوە و پاککردنەوە ڕێگای سەرکییەکان.

پێنجەم/ (ئاسایش، پۆلیس، بەرگری شارستانی، پۆلیسی هاتووچۆ، زەرەڤانی، تەندروستی) لە ئامادەباشی تەواودابن بە هوودانی هەر ئەگەرێکی نەخوازراو و مەترسی دروستبوونی لافاو.

شەشەم/ ناوەندی قەیرانەکانی پارێزگا و دەزگای خەرخوازی بارزانی، لەگەڵ فەرمانگە خزمەتگوزارییەکان و کەمپانیاکانی کەرتی تایبەت، لە ئامادەباشی دادەبەت بە چارەسەرکردنی هەر هووداوێک و دروستبوونی هەر کێشە و گرفت و حاڵەتێکی نەخوازراو.

حەوتەم/ سەرجەم شار و سیتیەکان، لە بەرامبەر پاککردنەوەی ڕێرەی ئاوی سروشتی باران، ئاوی قورسی کەند و سەرجەم چاڵەکانی ئاو وەرگرتن و مەنهەلەکان و خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکانی سنوورەکانیان بەرپرسیارن.

هەشتەم/ داوای لە هاوڵاتییان دەکەین هەماهنگ و هاوکاری تیمەکانبن و پابەندی ڕێکار و

نمایەکانبن، لەحاڵەتی باران بارینی زۆر نزیکی هووبار و ئەو شوێنانە نەبنەوە کە ئاستی ئاوییان بەرز دەبەتەوە.

نیەم/ سەرجەم فەرمانگە و لایەنە پەیوەندارەکان لە جەبەجەکردنی ئەو بڕیارانە بەرپرسن و لەبەرامبەر هەر کەمتەر خەمیەک لە جەبەجەکردنی ئەرک و کارەکانیان هەریەکە و بەئاستی بەرپرسیاریەتی خۆی بەرپرسیار دەبەت